# وتەیەك لە پەراوێزی ڕێزلێنانی پلینیۆمی هەژدەهەمی حزب لە ڕێبوار ئەحمەد


**فارس محمود**

**وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە: تەها مەعروف     پێداچوونەوەی: جەمال محسن**


کاتێك کە چاوم بەدەقی بڕیاری ڕێزلێنانی پلینیۆمی 18ی حزب لە هاوڕێ ڕێبوار کەوت، 16 ساڵ ژیانو خەباتی ئەم هاوڕێیەم هاتەوە یاد و چوومە ناو قووڵایی 16 ساڵ لە جوانترینو پڕ سەروەرییترین ژیانی سیاسیمەوە (کە ئێستا 16 ساڵ بەسەر کارکردنماندا پێکەوە تێپەڕیوە).

ڕێبوار ئەحمەد، ناوێکی ئازیزو خۆشەویستە لای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو هەر ئینسانێك کە دڵی بۆ ئازادیو یەکسانی بەشەریەت لێدەدات. هیچ ئینسانێك هێندەی ئەو ژیانی بۆ بردنە پێشەوەو گەشەدان بە بزووتنەوەکەی تەرخان نەکردووە، کارێکی بە بەها و نەفەس درێژ لە پێناو بەرزڕاگرتنی ئاڵای کۆمۆنیزمی کرێکارییدا لە عێراق. ڕێبوار یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانو ڕۆڵێکی بێوێنەی بینی لە پێکهێنانی حزبی ئەو بزووتنەوەیەو بەوپەڕی تواناوە دەنگی حزبو ئاڵای مەنسور حیکمەتی لە قورسترین قۆناغی مێژوویی‌دا بەرزڕاگرت، قۆناغێك کە تیایدا هەبوون بەهەناسەبڕکێ شوێن هەراو زەنای توتی ئاسای مەرگی کۆمۆنیزمو مارکسو لینین دەکەوتن. ئەو لە پێناو دەستەبەرکردنی ئازادی ئینساندا لە عێراق ڕوو بەڕووی گەلێك مەترسیو دژواری بووەوە.

ئەو سات بەسات لە ڕیزەکانی پێشەوەی حزبدا بووەو ئێستاش هەیە. ڕۆڵی پێشڕەوانەی لە دوانزە ساڵی ژیانو خەباتی حزبی دا دژ بە بزووتنەوەی قەومی عەرەبیو کوردیو ئیسلامی سیاسیو داگیرکاریو سەرجەم سیناریۆی ڕەش لە عێراقدا ئەو مەسەلانەن کە بە پیتی تیشکئاسا بۆی تۆماردەکرێت. ئەو هەمیشە لە خەباتدا بووەو هەیە لە پێناو پاشەکشەکردن بەو ڕەوتە دژی ئینسانیانە، دژ بە بیروڕاو تەقالیدی کۆنەپەرستی قەومیو دینی دژ بە ئینسانو منداڵ و ژنان. ئەو بە قەڵەمە بە پێزو دەوڵەمەندەکەیو خەباتی سیاسیو بەکردەوەی ڕۆژانەی خۆی لە ڕابەری حزبدا هەمیشە بەشداری کردووەو، ئێستاش دەیکات، لە بردنە دواوەو کۆتاکردنی ڕۆڵی فکریو سیاسی ئەو ڕەوتانەدا. فەتوای ڕشتنی خوێنی دەرکراو کەچی هەردەم سووربوو کەمەری توند کردبوو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی لە دەستەبەرکردنی ئازادیو یەکسانی کۆمەڵگەدا. هیچ کەسێك نیە بە وێنەی ڕێبوار ئەحمەدو حزبەکەی کرێکاران، لاوان، ژنان، منداڵان، تۆمەتبارکراوان، کۆرپەو لەشفرۆشان وە سەرجەم دەستەو توێژە زوڵملێکراوەکانی کۆمەڵگای بەرز ڕاگرتبێ. ئەوە هەر ئەوە کە لە ڕێگای سەدان ووتارو لێدوانی ڕۆژنامەگەریو ڕادیۆییەوە هەوڵی داوە بۆ ڕامالێنی ئەم دنیا هەڵگەڕاوەو بۆگەنکردوو و بێڕەحمو نائینسانیە. ڕۆڵی ئەو لە کێشمەکێشو خەباتی سیاسی لە ڕیزی پێشەوەی حزبەکەیدا چرای ڕۆشنکەرەوەی ڕێی ئازادی بەشەریەتە لە عێراقدا.

لە سایەی ڕابەری ئەودا حیزب سەختترین دەورانەکانی خۆی تێپەڕاندو لە دژوارترین هەلومەرجدا کە بزووتنەوەکە پیایدا تێپەڕی، حیزبی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاند. هێرشی چەکدارانەو دڕندانەی ی. ن. ك بۆ سەر حزب لە ساڵی 2000دا و بارودۆخی ڕەشی بێ متمانەیی زاڵ بەسەر ڕیزەکانی حیزبدا لەپاڵ حەقانیەتو ئیحساسی جێکەوتووی هاوڕێیان بە وەحشیەتو پیسی ڕەوتە ناسیۆنالیستەکانی کوردو حیزبەکانی، تەنها یەکێك بوو لەو وەرچەرخانە مێژووییانە.

ڕێبوار ئەحمەد 12ساڵی لەڕابەری دەزگا سیاسیو تەنفیزییەکانی حیزبدا بردە سەر، سیاسەتەکانی حیزبی دادەنا، زۆربەی هەرەزۆری ((نەك تەنها زۆربەی)) پرۆژە سیاسیەکانی حزب ئەو پێشنیاری دەکرد، بڕیار لە دوای بڕیاری دەخستە بەردەم هەیئەتی ڕابەری حیزب، موناقەشەو لێکۆڵینەوەو جەدەلی دەکرد لەسەریانو هەوڵیدەدا بۆ قەناعەت پێکردنی هاوڕێکانی، دواتریش بە تیرواننو شۆڕوشەوقێکی کۆمۆنیستانەوە دەیووت "هاوڕێیان وا پێویستە بەم ئاڕاستەیەدا بڕۆین". زۆربەی کات، حزب بە گوێرەی ئەو ئاڕاستەیە دەڕۆیشت کە ئەو بە قەڵەمەکەیو بە زمانیو بە نەخشەکانی دیاری دەکرد، خۆیشی لە پێشەوەی جێبەجێکەرانی نەخشە سیاسیەکانی حزبەوە بوو. هەمیشە ئایدیای تازەی دەهێناو داهێنەر بوو، تەدەخولی لە ووردو درشتی ژیانی حزبدا دەکردو ڕێگەچارەی بۆ دەدۆزینەوەو بەمجۆرە ڕەورەوەی حزبی بەرەو پێشەوە دەبرد. پرۆژە لەسەر پرۆژە دەیدا بە کادرانو هاوڕێیانو ڕێگای جێبەجێکردنو بە ئاکام گەیشتنیانی نیشان ئەدانو کورتترین ڕێگاشی بۆ بردنە پێشەوەیان دیاری دەکرد.

هیچ کادرێك نییە لە پۆستەکەیدا وەیا لە فەعالیاتی ڕۆژانەیدا ڕێبوار هاوکاریو ڕێنوێنی ڕاستەوخۆی پێ نەکردبێت: مالیە، پەنابەران، ڕێکخراوی ئازادی ژن، کۆنگرەی ئازادی عێراق، ڕێکخستنەکان، هێزی چەکدار، هێزی پارێزگاری، یەکێتی شوراو نەقابە کرێکاریەکان، یەکێتی بێکاران، سەنتەری پارێزگاری ژنانو منداڵان، ڕێکخراوی مامۆستایان لە کوردستان، پەنابەرانی عەرەب لە کوردستان، سەربەخۆیی کوردستان، کەمپینی بەرگری لە کەمالی سەید قادر، ڕۆژنامەکان، سایتەکان... هتد. ئەو لە سات بە ساتی ژیانو خەباتی هاوڕێیاندا ئامادەیە. ئەو ڕێڕۆشنکەرەوەیانە لە کارەکانیاندا. جێگە پەنجەی ئەو لە هەموو گۆشەکانی هەڵسوڕانی حزبو لەسەر هەر هاوڕێیەك بە ڕۆشنی ئەبینرێت. ئەو بە وێنەی مامۆستایەکە کە ڕۆژانە خۆی فێر دەکات.

لە بواری ئوسوڵی حیزبیو جێخستنی تەقلیدە حیزبیەکاندا، ڕۆڵێکی تا ئەوپەڕی ڕادە گرنگی هەبووە، ڕۆڵێك کە ئاسان نەبووە هەریەك لە ئێمە بڵێ: "ئەو کارە من ئەیکەم"!

ئەو سوننەتو تەقالیدی نەنووسراوی گرنگو مەزنی جێخست کە نمونەیان زۆرە، لەوانە هەروەکو مەنسور حیکمەتو تەقالیدی ئەو، ڕۆژێ لەڕۆژان مەسئولیاتو جێگەو پایەی حیزبی نەکردۆتە وەسیلەیەك بۆ فەرزکردنی هیچ بڕیارێك یان هیچ مەسەلەیەك. وە لەبەرئەوەی لەڕاستی بەولاوە شتێکی تری نەئەووتو هەمیشە سوور

بوو لەسەر گوێگرتن لەوانی ترو فرسەتی پێئەدان بۆ ئەوەی بیروڕای خۆیان بلێن، وە هانی ئەدان کە هەر بیرو ڕایەك بەخەیاڵیاندا دێت بیخەنە ڕوو. ئەو دەرکی ئەوەی هەبوو "کە کەسێك مێشکی ئاخنرابێت، چاوەڕوانی شتێکی ئەوتۆی لێناکرێت". قەناعەت کردن بە هاوڕێیان بنەما بوو بۆ کارەکانی. هەمیشە هەوڵی داوە بۆ کۆکردنەوەی هاوڕێیانو یەکخستنیان، بە چاوان پارێزگاری لە یەکپارچەیی حزبو ئینسجامی ڕابەری ئەکرد. گیانی چالاکیو زیندوێتی ئەدا بەهاوڕێیانی دەوروبەری خۆی.

هیچ ڕۆژێك دوودڵی نەبووە لە "کێشانەوەی" هەر بڕیارێك وەیا پرۆژەیەك کە بینیبێتی هاوڕێیانێك لە ڕابەریدا پەسەندیان نییەو یان بە بێ قەناعەتی تەواوەتیو بە نابەدڵی پەسەندیان کردووە. بۆ ئەو کۆمۆنیزمی کرێکاری کۆکردنەوەی هێزو ئامادەکردنە، بۆیە سوورە لەسەر کات تەرخانکردن بۆ قەناعەت پێهێنانی هەر ئەندامێك. وە هەر هاوڕێیەك کە ڕیزی حیزبیشی بەجێ هێشتبێت گەورەترین ڕێزی بۆ قایل بووە لەبەر ئەوەی باوەڕی بە ئازادی سیاسیو ئینسانی هەیە. ئەمەش بیروڕای هەر کەسێکە کە بیر لەدەسەلاتی سیاسی بکاتەوەو هەوڵ بدات حزبەکەی بکات بە حیزبێکی سیاسیو کۆمەلایەتی بە توانا کە وەزعی ئێستای ئینسانەکان بگۆڕێت.

هیچ دلسۆزییەك نییە کە ئینسان بتوانێت لە ژیانیدا بیدۆزێتەوە بەوێنەی دلسۆزی سیاسیو هاوڕێیانەی مامالەکردن لەگەڵ ڕێبواردا. کەسێکی بێسنوور بەویژدان، بەرچاو ڕۆشن، پەیگیر لەکارەکانیدا، ئۆقرەیەکی بێ سنوور، بەجۆرێك هاوڕێیانە لە هەلسوکەوتدا کە وەسفکردنی ئاسان نیە، مامەلەی یەکسان لەگەڵ هاوڕێیانو غەیری هاوڕێیانی خۆیدا، لوتبەرزیو خۆبەزل زانینو پایەبەرزکردنەوە بە هیچ جۆرێك لە ژیانی شەخسیو سیاسی ئەودا جێی نابێتەوە، هەستی قووڵو ئینسانی لەگەڵ خەلك تایبەتمەندییەکی مەزنی ئەم ئینسانەیە. لە ژیانمدا نەمبیستووە کەسێك ڕۆژێك لە ڕۆژان بە ووشەیەکی ئەم هاوڕێیە ئیحراج بووبێت ((تەنیا ئیحراج)) وەیا هەستی کەسێکی بریندار کردبێت... چ هەستێکی ئینسانی قووڵە!

ئێمە هەموو قەرزارباری ڕۆڵو دەوری ڕابەری ئەوین، قەرزار بارین بەوەی کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە عێراقدا جێخستووە، بێگومان بە هیمەتی بەشێکی بەرچاو لە کادرانی ڕابەری حزب. بوونی هاوڕێیەکی وەك ڕێبوار لە سەرەوەی ئەم بزووتنەوەو حزبەدا خۆی لە خۆیدا خالێکی بەهێزی مێژووییە کە جێگرتنەوەی ئاسان نییە. بەپێی بۆچوونو تەرحی ڕێبوار هەیکەلەی حیزب ئالوگۆڕی بەسەردا هات بەمەبەستی لێکهەلپێکانو وەلام دانەوە بەداخوازی خەباتی ئەمڕۆمان. ڕێبوار لیدەر بێت یان سکرتێری کۆمیتە ناوەندی یەك زەڕرە لەو ئامانجەی خستویەتیە ئەستۆیو لەو ڕۆلەی بڕیارە بیگێڕێت، کەم ناکاتەوە. تەنها ئامانجێك کە لە دەستووری ڕێبوارو حیزبەکەی ڕێبواردایە، بنیادنانی کۆمۆنیزمێکی بەتوانیاو دەخالەتگەرە لە ژیانو بارودۆخی کۆمەلگادا و کە هەوڵ ئەدات بەمەبەستی یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی کۆمەلگا بەرەو ئازادیو یەکسانیو خۆشگوزەرانی.

ڕێزو خۆشەویستیم بۆ هاوڕێی بەڕێزو ئازیز، شتێك نیە لەوە زیاتر مایەی شانازیو خۆشحالی بێت، بێجگە لەوەی بتوانیت شان بەشانی ڕێبوارو هاوڕێیانی ڕێبوار لەم خەباتەدا ڕابوەستیت.

لە کاتێکدا کە تەقدیری پلینیومی 18ی حیزب بۆ هاوڕێ ڕێبوار، دەخوێنمەوە، لەوەزیاتر ناتوانم بلێم کە:

بژی ڕێبوار ئەحمەد!

بژی حزبی ڕێبوار ئەحمەد!